# ئةو كلآوة بؤ لةسةر يةكطرتوو نرا؟ ... موحسين جوامىر



"یەکگرتوو" وەک هێزی سێیەم وکارا لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، هەر لەو ڕۆژەی دامەزراوە و بە فەرمی خۆی ڕاگەیاندووە، چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە، سەلماندوویەتی کە هەبوونی ئەو لە زەوینەی واقیعدا پێویستییەکی نەتەوەییی مەزن بوو، هەروەها هەبوونی ئەو لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی ـ لە داهاتوودا ـ ڕووبەڕووی گەلی کوردستان دەبنەوە، مەزنترە.. . بۆ هەڵسەنگاندنی هەرلایەنێک یاخود هەر بزاڤێک، دەکرێ ڕابوردوو و حاڵی حازری بکرێن بە نموونە و ئەوجا لە قەپان بدرێ و هەڵبسەنگێندرێ.. . بە خوێندنەوەی هەڵوێستەکانی "یەکگرتوو" لەمەڕ مەسەلەی کورد وتێڕوانینی ستراتیژییانەی بۆی و وردبوونەوە لە مامەڵەی ئەو لەگەڵ بەسەرهاتە تفت و تاڵەکانی شەڕی براکوژیدا وهەوڵی هەمیشە ئاشتییانەي، هەروەها ڕەنج و تێکۆشانی ئەو لە ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد ورۆڵی نوێنەرانی لە داڕشتنی دەستووری کاتیدا.. . دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وەلانانی ئەو هێزە لە پرۆسە وپۆستی کاریگەردا ـ چ جای هەق لێزەوتکردنی ـ بە زەرەری هەم ئەو دیموکراتییەی بانگەشەی بۆ دەکرێ و هەمیش بە زیانی کورد تەواو دەبێ.. .

ئەرێ.. ؟هەر لەو ڕۆژەی ئەم "یەکگرتوو" ە دامەزراوە تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە، نەفرەتی لە دوو بەرەکی وشەڕی کوردکوژی کردووە و یەکەم هێزە ـ تاکو ئێستا ـ پەنجە ی یەکێکی بە خوێندا نەهێنابێ و بەردەوام پەرێزی خۆی بە پاکێ پاراستبێ.. . ئەگەر نەشیتوانیبێ شەڕی گەورە و ماڵوێرانکەر بنبڕ بکا یان قەلاچۆی ناکۆکیی پرزەبڕ بکا، توانیویەتی داوێنی جەماورێکی هاوڕا لەگەڵ خۆیدا لە پەڵەخوێنی بەناهەق رژاودا، بەرکەنار بکا.. . هەتا کە ئەندامێکی کارا و هەمیشە بێچەکی لێ تەرۆر کرا (مامۆستا فوئاد چەلەبی) ددانی بەخۆیدا گرت و گوتی حەواڵەی خودا بن!

لە یادمە لە سەردەمی هەڵبژاردندا، هۆگرانی "یەکگرتوو" لە دەرەوەی وڵاتدا بۆ لیستی کوردستانی، چۆن خۆیان لە سەنگەردا مەڵاس دا، نە سرەوتیان هەبوو نە خەو.. . دەرگە نەما لێی نەدەن، کەسێ نەما تەلەفۆنێ بۆ نەکەن، نەک تەنیا هەوادارانی خۆیان؛ بگرە هەر یەکێکی بیانناسیبایە یان مەرحەبایەکیان لەگەڵدا هەبووایە.. . ئەگەر لە پێشترێدا لاوان بە عەشق بە بەرەو پیری مەرگەوە دەچوون، ئەوا لاوانی "یەکگرتوو" هاوڕێ لەگەڵ شەپۆڵی گەلەکەیان ـ بۆ تۆڵەی خوێنی ئەو شەهیدانە ـ بەبەرەو پیری هەڵبژادنەوە دەچوون ..

من وەک بابایەکی بێلایەن، بەڵام لایەنگری هەر لایەنێکی لای کورد بگرێ و کوردستان بەهەند هەڵبگرێ، لەو قەناعەتەم غەدرێکی یەکجار ـ یەکجار ـ لە " یەکگرتوو" دەکرێ.. .

چونکە چ ڕەوای هەقە هێزێکی کوردستانی کە بەپێی " گرێبەستە" یەک لەگەڵ "هاوپەیمانی کوردستانی"دا ڕێک کەوتبێ و بەرژەوەندی خۆي وەلا نابێ، ئێستە بێن پشتی لێ بکە ن و بەبێ

پرسی ئەو خێر بە "وەزارەت"ی وی بکەن وبێ مۆڵەتي ئەو ماڵی بکەن بەسەربەشی ماڵان.. . کێ دەڵێ ئەو وەزارەتە وەبەر کۆنە بەعسییەک نەکەوتووە!.. . پیاو لەوەش ماللەق دەمینێ، ئەگەر ئەوان لە سەروبەندی برێمەردا وەزارەتێکان وەرگرت ؛ ئەوا لە دەوروزەمانی کورداندا لێیان زەفت کرا .

ئەو کارەی ئەمجارە لەگەڵ یەکگرتوودا کرا، سەرەتایەکی ترسناکە و بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ و زیانی بۆ ڕەوتی ئێستە و داهاتوو هەیە.. . ئەگەر هەر هێزێکی کوردستاني، سیفەت و تایبەتمەندیی خۆی هەبێ بۆ خزمەتکردنی پرسی پڕلە گرێپوچکەی کورد، ئەوا گومانی تێدا نییە "یەکگرتوو"ـ بەلانی کەمەوە ـ ئەو ڕایەڵەیە کە دەنگ و داوای کورد بە چین وتوێژێکي گرنگی دەرەوەی کوردستان ـ کە لەگۆڕانکارییەکاندا خاوەن هەڵوێست و بڕیارە ـ رادەگەیەنێ، ئەوەش هەروەک لە ڕابوردوودا کرا وبەری خۆی هەبوو. هەموو لایەن و سەرکردە سیاسییەکانیش ئەم ڕاستییەدەزانن وهەقگۆیانە پەسندیان داوە .

سەیروسەمەرە لەوە دایە، بۆ پینەوپەڕۆکردنی ئەم هەڵە بە ئەنقەست و پڕ لە پەڵەیە، هەر بەرپرسێک شەکرێک دەشکێنێ.. . یەکێ دەڵێ ئێمە بەڵێنمان بە"یەکگرتوو " نەداوە وەزارەتیان بدەینێ، ئەویدی دەڵێ ئێمە لەسەر کاغەز هیچ هەرێ "وەعدە"یەکمان پێ نەداون.. . هێژا نێچیرڤان ـ یش فەرمووی ئێمە غەدرمان لە "یەکگرتوو"کرد!!.. . ئاخۆ ئەگەر قسەی دووانەکەی پێشوو هەق بێ، باشە لە سەر و بنی دنیای سیاسەتدا بووە لایەنێکی سیاسی پەیمانێک لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا ببەستێ ـ با بێ کاغەزیش بێ ـ بێ ئەوەي سوود و مەنفەعەتێکی خۆی تێدا ڕەچاو بکا و هەر لە ڕاهی خوا؟!!.. . بۆ ناگوترێ: کڵاومان لەسەر "یەکگرتوو" نا و تەواو؟

Mohsinjwamir@hotmail.com